


# تەنیا کەریم: کچی کافرۆش دەستنیشانکراوە، بەڵام ئاشکرای ناکەم

بڕیار وایە لە سەرەتای مانگی داهاتوو دەست بکرێت بە خۆ ئامادەکردن بۆ وێنەگرتنی فیلمی کچی کافرۆش کە لە دەرهێنانی تەنیا کەریمە و لە بەرهەمەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

لەم بارەیەوە تەنیا کەریمی دەرهێنەری فیلمەکە بە گوڵانی راگەیاند دوای ئەوەی رەزامەندیی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێنا، لە سەرەتای مانگی ئادار دەست دەکات بە خۆ ئامادە کردن بۆ وێنەگرتنی فیلمەکە، تەنیا کەریم ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو بودجەیەی بۆ فیلمەکە تەرخان کراوە زۆر کەمە، بەڵام بە پشت بەستن بە چەند سپۆنسەرێك هەوڵ دەدەات ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، چونکە فیلمەکە لە ئاستێکی بەرزدایە و پێویستی بە بودجەیەکی زۆرترە لەوەی بۆی تەرخان کراوە.

سەبارەت بەو کەسەی رۆڵی کچی کافرۆش دەبینێت کەریم ئاماژەی بەوە کرد کە پێشتر لە راگەیاندنێکدا داوای لەو کچانە کرد بوو کە دەتوانن ئەو رۆڵە ببینن و لەرووی رووخسارە گونجاون لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان با ناوەکانی خۆیان پێشکەش بکەن ئینجا یەکیان هەڵدەبژێردرێت، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە ئێستادا کەسێك دەستنیشان کراوە بۆ بینینی رۆڵەکە، بەڵام پێی باشتر بوو کە ئێستا ناوی ئاشکرا نەکرێت نەوەك گۆڕانکارییەك روویدات، هەروەها چەند ئەکتەرێکی هەرچوار پارچەکانی کوردستان و بەریتانیاش بەشدار دەبن لەم فیلمە و سەرەتای وێنەگرتنیش لە وڵاتی بەریتانیا دەست پێدەکات ئینجا لۆکەیشنەکانی کوردستان وێنە دەگیرێن لە شارەکانی هەولێر و کۆیە.

فلیمی کچی کافرۆش باسی رووداوێکی راستەقینە دەکات و تێکهەڵکێشکراوە بە تابلۆی بەناوبانگی کچی کافرۆش و تەنیا کەریم پشتی بە چەند کەسێکی شارەزا بەستووە لە سیناریۆکەیدا،ماوەی ٢ ساڵە تەنیاکەریم ئامادەکاری بۆ دەکات و ژمارەیەك کچ لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بەشداربوون لە پێشبڕکێیەکی داخراودا .

پێش ماوەیەك دەنگۆی ئەوە هەبوو کە خانمە گۆرانیبێژ هانی ئەو رۆڵە دەبینێت، بەڵام دواتر ئەم هەواڵە لەلایەن خودی (هانی) رەت کرایەوە، هەروەها شانۆکار و گۆرانیبێژ زاگرۆس جەبار ئەویش هیوای خواست کە رۆڵی کچی کافرۆشی پێ بسپێردرێت، چونکە هەم بە کارێکی هەتا بڵێی زۆر رەسەنی کوردی دەزانێت و هەمیش رووخساری لە رووخساری کچی کافرۆش نزیکە.


# غولامی بە ئەلبوومێکی تێکەڵەوە سەرقاڵە

هونەرمەندی بە ئەزموون نەجمەی غولامی رایگەیاند ئێستا خەریکی کار کردنە لە ئەلبوومێکی نوێدا کە لە ١٠ تراك پێکهاتووە و تێکەڵێکە لە سروود و گۆرانی.

غولامی لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان گوتی: ئەم بەرهەمە لە پێنج سروود و پێنج گۆرانیی نوێ پێکهاتووە، هەموو گۆرانییەکان تازەن، پێنج لە بەرهەمەکانم لە سوید و پێنجی دیکەشم لە کوردستان ئامادە کردووە و بڕیارە هونەرمەند رۆژبێ دابەشی بکات.

سەبارەت بە تێکستەکان،غولامی گوتی: تێکستی گۆرانییەکیان هی خۆمن و ٤ تێکستی لەلایەن ئیسماعیل خورماڵییەوە دانراون و ئەوانی دیکەیش هی حەمید شەریف و گۆران و ئەنوەر خان سولتان پەنا و سیمین چایچی و هەندێکیان نەناسراون، ئەوەشی خستە روو کە تا ئێستا ناوی بۆ بەرهەمەکە دانەناوە.

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکە سەرقاڵی کار کردنە لەم بەرهەمە نوێیەیدا، بەڵام غولامی هیوای خواست کە بتوانێت هاوکات لەگەڵ جەژنی نەتەوەیی نەورۆزدا ئەم بەرهەمە بە کۆتا بێت و وەك چەپکە گوڵێك بەم بۆنەیەوە پێشکەشی میللەتی کوردی بکات.





## کیت مۆس و گەنجێتییەکی بەردەوام

پێدەچێت بە
ساڵاچوون و تەمەن نەبنە ڕێگر لەبەردەم
کیت مۆسی نمایشکاری جلوبەرگی بەریتانی بۆ
ئەوەی بەردەوام بێت لە کاری مۆدێل، چونکە سەرەڕای ئەوەی
تەمەنی گەیشتۆتە ٣٨ ساڵ کەچی خانەکانی جلوبەرگی جیهانی و
کەلوپەلی جوانکاری بەبەردەوام گرێبەستی پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی
کاریان لەگەڵدا بکات.

ماڵپەڕی (گلامۆز ئێف ئار)ی فەرەنسی لەم بارەیەوە ئاشکرای کرد کە کیت نایەوێ کۆتایی بە پیشەی خۆی بهێنێت وەك نمایشکاری جلوبەرگ ئەگەری تەمەنی نمایشکارەکان زۆرکورتیشە، کەچی کیت بەم دواییە کەرەستەیەکی جوانکاری نوێی نمایش کردووە بۆ بەرژەوەندیی کۆمپانیای (ریمال)ی جیهانی، دواتر کۆمپانیای (کیراتاز)ی فەرەنسی هەڵیبژاردووە بۆ ریکلام کردن بۆ کەرەستەیەکی نوێی تایبەت بە قژ و کرێمی جوانکاری.

ماڵپەڕی ناوبراو لەسەر زاری ڕێکخەرانی نمایشەکەوە دەڵێت: بە تێپەڕبوونی کات کیتیش جوانتر دەبێت، چونکە دوای دەرکەوتنی لە ریکلامی ناوبراو زۆر جوانتر وسەرنجڕاکێشتر هاتە بەرچاوان.

## جنیڤەر دەبێتە دەڵاڵی زەوی و خانوو



بڕیار
وایە جنیڤەر لۆپێزی ئەکتەر و گۆرانیبێژ
بەشداریی لە فیلمێکی نوێدا بکات بە ناوی (Parker)
تێیدا ڕۆڵی ئافرەتێك دەبینێت کە خەریکی بازرگانی کردنە بە زەوی و
خانووبەرە بە ناوی لیزلی ڕۆغرز.

جگە لەوەی ئەمە یەکەم جارە جنیڤەر ڕۆڵی ئافرەتێکی بیزنسکاری زەوی و خانووبەرە دەبینێت، هەروەها بۆ بینینی ڕۆڵەکەی ناچارە لە چەند دیمەنێکدا بە رووتی دەرکەوێت، چونکە لە دیمەنێکدا پێویستە جلوبەرگی خۆی لەبەر بکاتەوە لەبەردەم بازرگانێکی دیکەی زەوی و خانوو بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە هیچ ئامێری سیخوڕی کردنی لەژێر جلوبەرگەکانی هەڵنەگرتووە.

ئەم فیلمە نوێیە باس لە دزێك دەکات بەناوی پارکەر کە ئەکتەر جایسۆن ستاتام ڕۆڵەکەی دەبینێت، ئەم دزە بە هیچ شێوەیەك دزی لە هەژاران ناکات و دەستدرێژیش ناکاتە سەر بێتاوانان، بەڵکو هەوڵ دەدات تۆڵەی خۆی لەو هاوڕێیانەی بکاتەوە کە پشتیان تێکرد و وازیان لێی هێناوە لەکاتێکدا ژیانی لە مەترسیدا بوو.



## ئەلیزابێس دەبێتە جۆلییت

خانمە ئەکتەری ئەمریکی ئەلیزابێس ئۆلسۆن خۆی ئامادە دەکات بۆ بینینی ڕۆڵی جۆلییت لە شانۆگەرییەك کە لە چیرۆکی بەناوبانگی نووسەری ناوداری بەریتانی ویلیام شکسپیر وەرگیراوە.

میدیاکانی ئەمریکا لەم بارەیەوە رایانگەیاند کە ئۆلسۆنی خوشکی بچووکی هەریەکە لە ماری کایت و ئاشلی ئۆلسۆن لەو شانۆگەریەدا دەردەکەوێت لە ڕۆڵی جولییت و بڕیاروایە شانۆگەرییەکە لە وەرزی شانۆیی ٢٠١٣-٢٠١٤ لەسەر شانۆی کلاسیك ستایدج لە مانهاتن نمایش بکرێت و لە چەند رۆژی داهاتووشدا ریکلامی تایبەت بە شانۆگەرییەکە دەست پێدەکات.

شایەنی گوتنە ئەمە یەکەم کارە ئۆلسۆن ڕۆڵی پاڵەوانی تێدا ببینێت دوای ئەوەی وەك ئەکتەری جێگرەوە بەشداریی لە شانۆگەریی (داست)دا کرد ساڵی ٢٠٠٨، لەلایەکی دیکەوە ئۆلسۆن رایگەیاند کە جگە لەم شانۆگەرییە بەشداری دەکات لە بەشی نوێی فیلمی (گۆدزیلا) کە دەست بە وێنەگرتنی کراوە.

# نانسی بەشێوازی خۆی وەڵامیان دەداتەوە

نانسی عەجرەمی گۆرانیبێژی لوبنانی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەو ڕەخنانەی ئاراستەی کران دوای بەشداری کردنی لە لیژنەی دادوەریی وەرزی دووەمی بەرنامەی (Arab Idol) کە لە شاشەی ئێم بی سی پێشکەش دەکرێت.

لەم بارەیەوە نانسی گوتی: وەڵامی هەموو ئەو ڕەخنانە دەدەمەوە کە ئاراستەی من کراون دەربارەی بەشداری کردنم لەو بەرنامەیە، چونکە من شارەزاییەکی زۆرم لە بواری گۆرانی گوتندا هەیە کە وام لێدەکات ببم بە ئەندامی لیژنەی دادوەرانی ئەم بەرنامەیەی تایبەتە بە دۆزینەوەی بەهرە هونەرییەکان ئەمەش لەبەر خوێندنی بنەماکانی موزیك، هەروەها من ژەنیارێکی باشی چەندین ئامێری موزیکم و شارەزاییەکەم لەو بوارە زیاتر لە ١٥ ساڵە.

نانسی زیاتر گوتی: خۆم زۆر بە باشی ئامادە کردووە لە یەکەم ڕۆژەوە کە گرێبەستم لەگەڵ بەرنامەکە مۆر کردووە، زۆریش گرنگی بە بەشداربووان دەدەم بۆ ئەوەی کەسانی شایستە بگەن بە قۆناغەکانی کۆتایی، لە کۆتاییشدا جەماوەر بڕیار دەدات سەردەکەوێت.



### نازداری هونەرمەند:

# بۆ پاراستنی مافەکانمان هیوادارم یاسایەک دژی کۆپی کردنی سیدی دەربچێت



* سەرەتا حەز دەکەین بزانین هۆکاری هاتنەوەی ئەم جارەت چی بوو؟

-هۆکاری سەرەکیی هاتنەوەی ئەم جارەم بۆ تەواو کردنی کارەکانی دوایین ئەلبوومم بووە، وەك هەموو لایەك دەزانن من بە گۆرانیی فۆلکلۆری دەستم بە کاری هونەری کرد و هاتمە نێو بواری هونەرییەوە و بناغەی هونەری من بریتییە لە گۆرانیی فۆلکلۆری، بۆیە حەزم کرد ئەم جارە کارێکی تایبەت بکەم کە پێشتر هیچ کاری لەم جۆرەم پێشکەش نەکردووە لەبەر ئەوە ویستم شتێکی تایبەت و بێ وێنە پێشکەش بکەم، لەم بەرهەمە کە لە ٦ کۆکتێل پێکهاتووە، نزیکەی ٦٤ گۆرانیی فۆلکلۆری تایبەت بە هەڵپەڕکێ و زەماوەندم تۆمار کردووە لە (تلانێ و ملانێ و بابلەکان) و یەکێك لە کۆکتێلەکان تایبەتە بە گۆرانی بە زاراوەی سۆرانی واتە بەرهەمەکە زۆر بەرفراوانە.

* بیرۆکەی ئەم کۆکتێلە چۆن دروست بوو؟

- پار من هاتم بۆ کوردستان و گەشتێکمان ئەنجامدا بەبۆنەی جەژنی نەورۆز، لەبەر ئەوەی لە سەیرانگەکە تیپی موزیکی لێ نەبوو، ناچاربووین بە سیدی و کاسێت گوێ لە گۆرانی بگرین و هەڵپەڕکێ بکەین بەڵام لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی هەڵپەڕکێ هیچی لە ٥ خولەك زیاتر نەدەبوو ناچاربووین بە بەردەوام سیدییەکە دووبارە بکەینەوە و شاییەکە تێك بدرێت، بۆیە بیرم لەوە کردووە کە بۆچی من کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەم کە بەرفراوانتر بێت بیرۆکەی ئەم سیدییە لەو سەیرانەوە دروست بووە، یەکێك لە کۆکتێلەکانی ئەم سیدییە ماوەکەی ١٥ خولەکە بۆ ئەوەی خەڵك تێر گوێی لێبگرێت و نەبێتە هۆی بێزار بوون و دووبارە گەڕاندنەوە بە سیدییەکە و شاییەکەش تێك نەچێت، هەرچەندە من هەمیشە لە



دوای ئەوەی ساڵی رابردوو بەرهەمێکی نوێ و چەند کلیپێکی پێشکەش بە جەماوەرکرد، ئێستا هونەرمەند نازدار خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ کە هەمووی لە گۆرانیی فۆلکلۆری پێکدێت بەشێوەزارە جیاجیاکانییەوە، نازدار یەکێك بوو لە هونەرمەندە بەشداربووەکانی حەوتەمین فیستیڤاڵی هەولێر، فیستیڤاڵی ئازادی و نەورۆز و چەپکێك لە گۆرانییە کۆن و نوێیەکانی خۆی پێشکەش بە جەماوەر کرد، سەبارەت بە دوایین کار وبەرهەمی خۆی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد.

بەرهەمەکانی پێشووم گۆرانیی فۆلکلۆری هەبووە، بەڵام ئەم بەرهەمە هەمووی فۆلکلۆرییە، ئەگەر گۆرانی هونەرمەندی دیکەیشی تێدا بێت ئەوا گۆرانییەکە تامی فۆلکلۆریان هەیە، بەرهەمەکەش لە بەرهەمهێنانی ڤیم پرۆدیکشنە.

* پار بەرهەمێکت پێشکەش کرد تۆ خۆت چەند لێی رازی بووی و پێشوازیی جەماوەر لەو بەرهەمە چۆن بوو؟

-لەبەر ئەوەی من لە ئەوروپا دەژیم بەردەوام ئاگاداری چۆنییەتی فرۆشتنی نیم، بەڵام کە دەگەڕێمەوە لێرە لە بەرێوەبەرانی ڤین پرۆدیکشن گوێبیست دەبم، ئەلبوومەکە تا ئێستاش زۆر بە باشی دەفرۆشرێت، بەڵام دیسان و دیسان گلەییمان لە کۆپی کردن هەیە، چونکە چۆن سیدی ئۆرجیناڵ دەفرۆشرێت ئاواش سیدیی کۆپی لە بازاڕەکان بە هەموو شێوەیەك دەفرۆشرێت، ئەمەچ جۆرێك لە نائومێدی لای هونەرمەند درووست دەکات، چونکە وەك دیارە بەبەرچاومانەوە مافمان دەخورێت و تەنانەت ئەو پارەی لە تۆمارکردنی بەرهەمەکە خەرج دەکرێت بۆ هونەرمەند ناگەڕێتەوە و ئەوەی ئێمە پێوەی ماندوو دەبین خەڵکانێکی دیکە بەبەرچاومانەوە دەیفرۆشن و قازانجی لێدەکەن بێ ئەوەی بتوانین هیچ ئیجرائاتێکیان لەگەڵدا بکەین، لێرەوە داواکارم لە جەماوەر کە ئەو ماندووبوونەی هونەرمەندی لەبەرچاو بێت و لە کڕینی سیدیی کۆپی دووركەونەوە، هەروەها لە پەرلەمان دەخوازم یاسایەکی تایبەت لەو بوارەوە دەربکات و رێگا لە کۆپی کردنی بەرهەمی هونەرمەندان بگرێت.

* لە کوردستان و لە هەموو شوێنێك زۆر جار پروپاگەندە و قسەی نادروست بەرامبەر بە هونەرمەندان دەکرێت جا بە هەر شێوەیەك بێت، ئایا ئەمە نیشانەی پێشکەوتنی ئەو هونەرمەندەیە یاخود کەسانێکی تایبەت هەن حەز لە شکاندنی هونەرمەند دەکەن؟

- لەبەر ئەوەی ئێمەی هونەرمەند شوێن یان کەسێکی تایبەتمان نییە کە بەناوی ئێمەوە قسە بکات و هەواڵ و کارو چالاکییەکانمان بڵاو بکاتەوە، بۆیە دەبینین زۆر کەس هەن لەلای خۆیانەوە شت بەرامبەر بە هونەرمەندان دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش لەلایەکەوە کارێکی ناشیرینە کاتێك کەسێك لە پێناو هەندێك دەستکەوتی ماددی وەك فرۆشتنی بڵاوکراوەیەك یان بۆ ناوبانگ دەرکردن و ناسین ئەو جۆرە هەواڵانە لەسەر هونەرمەندان بنووسن، لەلایەکی دیکەشەوە بە کارێکی نۆرماڵی دەبینم، چونکە ئەو کارانە لە هەموو شوێنێك هەیە .لە کوردستانیش کاتێك هونەرمەندێك کاری خۆی دەکات کەسانێك هەن حەز لە دەنگ و هونەرەکەی دەکەن و هەوڵ دەدات وردەکاریەکانی ژیانی بزانێت، بۆیە من ئەم کارە بە نۆرماڵ دەبینم، لە بەرامبەر زۆر رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ هەن کە هونەرمەند بتوانێت تێیدا راستییەکان بۆ جەماوەر روون بکاتەوە و و شتە هەڵە و نادروستەکان راست بکاتەوە.

* هەڵوێستت چی بووە کە شتێکی نادروست بەرامبەر گوترابێت یان بەناوی هەواڵێك یان لێدوانێك بڵاوبووبێتەوە؟

- یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە پروپاگەندەی زۆریان بەرامبەر نەکرابێت منم، بۆیە هەست دەکەم لەو بوارەدا بەختم هەبووە و تا ئێستا شتێکی ئەوتۆ بەرامبەر بە من نەگوتراوە کە پێی دڵتەنگ بووبم و ئەگەر شتێکیش گوترابێت ئەوا کەسانێك هەن لە راستیی هەواڵەکەیان پرسیاریان لێکردووم و زۆر لە رۆژنامەنووسان لەو بوارەوە هاوکارم بوون، بەڵام ئەگەر شتێك راست بێت پێویست بە شاردنەوە ناکات و هەموو خەڵك پێی دەزانێت.

*پێتوایە تۆ شوێنێکت لە نێو خانمە هونەرمەندەکانی کورد گرتووە وەك عایشەشان و مریەم خان و نەسرین شێروان و چەندانی دیکە؟

- بێگومان ئەو کارانەی ئەنجاممداوە بەرهەمیان هەبووە و ئێستاش توانایەکی زۆرم هەیە بۆ پێشکەش کردنی کاری زیاتر بۆ ئەوەی دوای چەند ساڵێکی دیکە نەوەیەك بێت و بڵێت کاتی خۆی هونەرمەندێك هەبوو بە ناوی (نازدار) کەخاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە و بۆ ئێمەی جێهشتووە و خزمەتی هونەری کوردی کردووە، چونکە خۆم بە گەنجێك دەبینم کە دەرفەتی زۆرم لە پێش ماوە بۆ ئەوەی زیاتر پێشکەش بکەم، هیوادارم تا ئێستا توانیبێتم خزمەتێك بە جەماوەری خۆم بکەم و لە رێگای ئەو جەماوەرەوە خزمەتێکم بە هونەری کوردی کردبێت و بتوانم لە داهاتووشدا بەردەوام بم لەسەر ئەو خزمەت کردنە، هیوادارم کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان گۆرانییەکانی من بە هی خۆیان بزانن، چونکە من هونەرمەندی هەموو کوردستانم و لەلای من هیچ جیاوازییەك نییە و گۆرانییەکانی من پێشکەشن بە هەموو کوردێك لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت.